# یاسای باری کەسێتی و هێشتنەوەی فرەژنی ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە

دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٧-١٠-٢٠٠٨ یاسای باری کەسێتی لەنێو پەرلەمانی کوردستاندا مشتومڕی لەسەر کراو بەیاسا فرەژنی پەسند کرا، لەناوەندە جۆراوجۆرەکانەوە دەنگی ناڕەزایی بەرز بۆوە. زۆربەیان ئەو یاسایە بە کۆنەپاریزی و دەستەڵاتی پیاوسالاری دەناسێنن. لەیەکەم کاردانەوەدا ناوەندی چاک، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆری یەکسانیخوازانی کورد ،سەرەنجام پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ٢٧-١٠-٢٠٠٨ دانیشتنێکی تایبەتی لەبەرامبەر مەسەلەی فرەژنیدا ئەنجام دا. لە دوای گفتۆگۆکردنێکی چەند کاتژمێری سەرەنجام ٣٩ دەنگ بەرامبەر بە ٣٥ دەنگ، بڕیاری یاسای فرەژنی بەکەمێک گۆڕانەوە وەک خۆی هێڵرایەوە. ئەم بڕیارە لەکاتێکدایە کە خەڵکی یەکسانیخواز هیوایەکیان هەبوو، کە قۆناعی سەردەمی حزبی بەعسیان تێپەڕاندوە و دەتوانن ببنە خاوەنی یاسایەکی سەردەمیانە و کەمێک لە مەینەتیەکانی سەرشانی ژنان کەم بکاتەوە، بەتایبەتی لە دوای ئەو هەموو بەڵێنانەی دەستەڵات و پەرلەمان، بە ژنان و گوتنەوە و بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە بە ژنان و ئافرەتان و خەڵکانی پێشکەوتنخواز بڵێن، پێویستە خەباتکردنمان لەپێناو یەکسانی ژن و پیاو و سەرفرازی کۆمەڵگە بەرەو پێش ببەین، بەیەک دەست ڕووبەڕووی ئەو زۆرینەیەی دەستەڵات ببینەوە کە لەگەڵ مانەوەی ئەو قانوونە دواکەوتووە دابوون. دەرکردنی ئەم یاسایە وادەکات زۆر ناوەندی سیاسی و ڕێکخراوی جیهانی، وەک نموونەو ڕەفتارێکی ناشیرین و دواکەوتو لە عەقلی دەسەڵاتی کوردی لێک دەدەنەوە. ناوەندی چاک وەک لە بەرنامەی خۆیدا ڕایگەیاندووە کە بەهەموو شێوەیەک داکۆکی لەمافی ژنان دەکات، بۆیە داوا دەکەین گۆڕانکاری لەم یاسایەدا بکرێت و ماددەی فرەژنی قەدەغە بکات. خۆشمان لەسەنگەری هەموو ئەو ناوەند و ڕێکخراوە سیاسی و مرۆڤ دۆستی و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتاندا دەبینینەوە، کە دەیانەوێت قانونی فرەژنی بەلاوەبنرێت و یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا بکرێت بەیاسا و چیتر بەپلەی دووەم تەماشای ژنان نەکرێت.



هەروەها سەنتەری ژنانی کورد لە شاری کۆڵنی وڵاتی ئەڵمانیا، ڕۆژی ٢٩-١٠-٢٠٠٨ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە کە تێیدا هاتووە:

دوای دوو ڕۆژ قسە و باس و تاوتۆێ کردنی چر و پڕ لە سەر ئەم یاسایە لە لایەن پارلمانتارانەوە و لێکۆلینەوەی لێژنە تایبەتیەکان وەک لێژنەی بەرگری لە مافی ژنان وماڤی مرۆڤ و... ئەم یاسایە بە بەدەست هێنانی ٣٩ دەنگ لە بەرانبەر ٣٥ دەنگی موخالف زۆرینەی دەنگی هێنا و پەسەند کرا.

سەنتەری ژنانی کورد لە درێژەی بەیاننامەکەیدا نووسیویەتی:

لە پێشدا پێشنیار درا کە فرە ژنی لە کوردستاندا قەدەغە بکرێت و یاسا ڕێگە بە هیچ پیاوێک نەدات کە دوو ژنی هەبێت، بەڵام ئەم پێشنیارە بە هەند وەرنەگیردرا. سەرەنجام بڕیاردرا کە یاسای فرە ژنی بە تۆزی گۆڕانکاری هەر وەک خۆی بمێنێتەوە و قەدەغە نەکرێت، بەڵکو سنووردار بکرێت واتە بەو مانایە ئەگەر پیاوێک بە بێ رازی بوونی ژنی ئەوەڵی ژن بهێنێ "غەرامە"دەکرێت و بە ماوەی شەش مانگ تا یەک ساڵ زیندانی دەکرێت و بە دانی دە میلیۆن دینار مەحکوم دەکرێت.

سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن داخباری خۆی پێشانداوە کە پیاوان و ژنان هەڵوێستیان بەرپرسیارانە نەبووە، ئەمەشیان بە ڕەوایەتی دان بە سیستەمی پیاو سالاری لێکداوەتەوە.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە: ئێمە سەنتەری ژنانی کورد لە شاری کولن وێڕای ئیدانە و مەحکوم کردنی ئەم یاسا نوسراوە و ئەو یاسا نەنوسراوانەی دەکەین کە ژنان دەکەنە کەرەسە بۆ ڕازاندنەوەی جێگەو بانی شەوانەی زل پیاوان و ئەو سیستەمەی پێ هەڵ دەسوڕێنن و داوا لە هەموو ئینسانێکی ئازاد و یەکسانیخواز دەکەین بەرانبەر ئەم بارودۆخە نالەبارە ئەویش لە سەردەمێکدا کە زۆر گەمە بەوشەکانی بەرانبەری و یەکسانی و ئازادیخوازی دەکرێت و بە هەموو جۆرێک باس لە دموکراسی و بەڕێوە چوونی دمکراسی دەکرێت هەڵوێست بگرن و چیدی ڕێگە نەدەن کە کەرامەت وحورمەتی ئینسانی ئینسانەکان ئاوا ژێر پێ بخرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە، خاتوو نەجیبە مەحمود هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی ژنان، لە نووسراوێکدا کە ڕۆژی ٣٠-١٠-٢٠٠٨ بڵاوی کردۆتەوە، نووسیویەتی:



**لە** کاتێکدا ئەو بڕیارە لە پەرلەمان درا کە تازە لە دەرکردنی پرۆژە یاساییەک بوونەتەوە کە تایبەتە بە قەدەغە کردنی توند و تیژی خێزانی، بێ ئەوەی بیریان لەوە کردبێتەوە کە فرەژنیش ئەچێتە خانەی توندوتیژی دەروونی دژ بە ژنان، ئەوە جگە لەوەی ناکۆکە لەگەڵ بەندێکی دەستوری کە دەڵێ ژن و پیاو یەکسانن. ئەمانە ئەمانگەیینێتە ئەو ئەنجامەی کە ئەندام پەرلەمانەکان بۆخۆیان کەتوونەتە دوو هەلوێستی دژ بەیەک و هەموو هیواو ئاواتی ژنانی کوردستان و بەرهەمی ماندووبوونی چەندساڵەمان پووچەل کرایەوە، بۆیە ئیستا لێرەدا پێویستە بە ژنانی پەرلەمان بڵێم ئێوە کە ئەو پۆستانەتان لە سەر حیساب و شەری سەر سەختانەی بزووتنەوەی ژنان پێ بەخشراوە، بۆیە لە سەر هەر لیستێکن یان خاوەنی هەر ئایدۆلۆژیایەک و بانگراوەندێکی سیاسین پێویست بوو لە ئاستی ئەو مەسئولیەتە میێوویە دابن، یەکرا و یەک هەلوێستانە دەستتان لە ئەندام پەرلەمانی بکێشایەتەوە و مێژوویەکتان تۆمار بکردایە، پەرلەمانتان ناچار بکردایە کە بە بڕیارەکەی خۆی دا بچێتەوە، چونکە هەموو وەک یەک بێ جیاوازی زەرەرمەندن، ئێوە کاریگەریتان هەبوایە لەسەر ژنانی ناو دەسەڵات بە حکوومەت و حزبەکانەوە، چونکە ئەوە حزبەکانن بوونەتە بریاردەری چارەنووسی گەل بە گشتی و ژنان بە تایبەتی، پێویستە ئەوە بزانن لە هەر ئاستێک و پلەیەکدا بن لە بەردەم یاسا وەک مرۆڤی تەواو مامەڵەتان لەگەل دا ناکرێت، لە هەمان کات دا ئەرکی سەر جەم چین و توویژەکانە کە هەڵوێست وەربگرن لە بەرامبەر ئەو بریارە و پوچەل **کردنەوەیدا.**

هەروەها حەمەسەعید حەسەنی نووسەر لە نووسینێکدا کە ڕۆژی ٣١-١٠-٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە، هێرشی توندی کردۆتەسەر پەرلەمان و یاسای فرەژنی بە ناڕەوا لە قەڵەم داوەو نووسیویەتی:



**لەم** سەردەمە دژوارەدا کە سەرۆکی پەرلەمان، زات ناکات تاقە یەک ژن بهێنێت، کە بە پێی ڕاپرسییەکی جێی متمانەی (سەنتەری ڕاستی) کە بەهەقبێژیی ناسراوە، چونکە لەمێژە تەنانەت (پیاوی یەکژنەش، جەرگی کونکونە،) بۆیە نزیکەی چی پیاوی کورد هەیە، ژنی لێ تەوقە، کەچی پەرلەمانی مە، بێ ڕەچاوکردنی ئەو هەلومەرجە لە شەکرلەمە ناسکترەی گەلەکەمانی پێدا ڕەت دەبێت، بانگەشە بۆ فرەژنی دەکات، وەک دەرکی بەوە نەکردبێت، ئەگەر ئەزموونە دیمۆکراتەکەمان دووچاری پەلاماری دەرو دراوسێ هات، بۆ پیاوی فرەژن، ئەستەمە دەست لە گەردنی ژنە تازەکەی بەر بدات و دەست بکاتە ملی چەک و لە سەنگەری خەباتەوە، داکۆکییەکی جومێرانە لە باڵای نیشتمان بکات. وەک بە ئاسمانی ساماڵی شۆڕشە کانیشمانەوە گەش گەش دیار بووە، پیاوی فرەژن، سەروەختی تەنگانە، لەبری ئەوەی ڕوو بکاتە شاخ، دەستی ژنە بچکۆلەکەی گرتووە و ڕووی کردووەتە باخ.

تازە چونکە لە دەنگدانێکی ئاشکرا و ئازاددا، فرەژنیی مەرجدار بە ٣٩ دەنگ بەرانبەر بە ٣٥ دەنگ بردییەوە، بۆ ئەوەی زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە، وەک کوردستانییەکی ژندۆست پێشنیار دەکەم، با ئەم مەرجەیشی بۆ زیاد بکرێت) :پیاو مافی هێنانی چوار ژنی هەیە، بە مەرجێک هەر ژنەی خەڵکی پارچەیەکی کوردستان بێت، ) بۆ ئەوەی لە ڕێی فرەژنییەوە، پارچەکانی کوردستان یەک بگرنەوە و زمانی ستانداردی کوردی چێ ببێت و هەر لەسەر گابەردی فرەژنی، گۆزەی پیلانەکانی داگیرکارانیش بە تەواوی وردوخاش **ببێت.**

بێگومان هەمووارکردنی یاسای باری کەسێتی و هێشتنەوەی دیاردەی فرەژنی بە سنووردارکراوی زۆر لەوە گەورەتر کە ئێستا قسەو باسی لەسەر ەکرێ، چونکە کێشەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواری بەبەراورد لەگەڵ کێشەی ژنانی کۆمەڵگەکانی دیکە پێوانە ناکرێ، بەتایبەتی زۆری ژمارەی بێوە ژنان و قەیرەیی کچان وادەکات کە لێکۆڵینەوەی گشتگیرو زانستی لەسەر بکرێ.

**ئامادەکردنی: هونەر کاکەمراد**

# بایەخ نەدان بە ڕاهێنان، شۆفێری ناشارەزا بەرهەم دێنێ

ڕۆژانە لە ڕێگەو شەقامە گشتیەکانی شارەکانی کوردستاندا، بەتایبەتیش لەسەری فلکەو چوار ڕیانەکاندا گوێمان لە دەنگی هۆڕن و هەراوهۆریای شۆفێرەکان دەبێ. زۆرجاران بەناچارییەوە دەبین بە ناوبژیوانی هەوڵی ئاشت بوونەوەی شۆفێرەکان دەدەین.

کێشەی ترافیک و تامپۆن و وەرگەڕان و کارەساتی هاتووچۆ بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، مخابن کەس خۆی بە خاوەن ناکات و هەوڵی چارەسەرکردنیشی نادەن. لەم ڕۆژانەی دواییدا، بەتایبەتیش لەوەتەی باران باریوە، ڕێژەی تامپۆن و کارەساتی ئۆتۆمۆبێل زیادی کردووە. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە چوار ڕیانێکی سەر شەقامی شەست مەتری شاری هەولێ کە بەم دواییانە کراوەتەوە، شۆفێرێک بایەخی بە ئاماژەی ستۆپ نەداو خێرایی خۆی کەم نەکردەوە، بەوهۆیەوە خۆی بە ئۆتۆمۆبێلێکی دیکەدا کێشا، زیانی بە خۆی و بە بەرانبەرەکەیشی گەیاند. هەرچەندە کە پۆلیسەکە دەیزانی کامەیان سەرپێچی کردووەو هۆکاری ڕووداوەکەیە، بەڵام دیسانیشەوە هەوڵی دەدا ڕێک بکەون و کێشەکە بە لێکۆڵینەوەو دادگە نەگات. ئەو شۆفێرەی کەتنەکەی کردبوو، تازە مۆڵەتی شۆفێری دەرهێنابوو، لە ئاکامی



مشتومڕی نێوان هەردووکیان بۆم دەرکەوت کە هیچیان بە ڕاست و دروستی سەریان لە ڕێنوێنی و یاساکانی ترافیک دەرناچێ. هەرچێ شۆفێرە تۆمەتبارەکەبوو، پاساوی دەهێنایەوەو دەیویست کێشەکە لەکۆڵ خۆی بکاتەوەو بەرانبەرەکەی قەرزار بکاتەوە، دەیگوت: 'باشە ئەوە من ئاگام لەونەبوو کە پۆلیسەکە دەستی بەرزکردۆتەوەو ئاماژەی ڕاوەستانی کردووە، ئەی باشە خۆ تۆ چاوت کوێر نەبوو؟! بۆچی هاتیتە پێش من و ڕێگەت نەدا من دەرباز ببم؟!' هەرچی شۆفێرەکەی دیکەش بوو دەیگوت: 'مادام تۆ لە لەتەنیشتەوە لەمنت داوە، تۆ تۆمەتباری و دەبێ بۆم چاک بکەیتەوە!'

بێگومان هەموومان ئاگامان لە قەڵەباڵغی شەقامی شارەکان هەیە، دەشزانین کە زۆربەی جاران نەشارەزایی لە یاساکانی ترافیک و نەناسینی هێماو ئاماژەکان هۆکاری قەومانی کارەساتەکانن، بەڵام کامەمان هەوڵمانداوە بەدواداچوونێکی ڕاستین بۆ ئەو گرفتە بکەین؟!

هەرچەندە زۆربەی ئەوانەی کە ئۆتۆمۆبێل لێ دەخوڕن، مۆڵەتی شۆفێرییان هەیە، بەڵام دەگمەنن ئەوانەی کە هێماکان دەناسن و ڕێنوێنی و یاساکان دەزانن، باشە دەبێ کێ لەو دیاردەیە بەرپرسیار بێت و کێ دەتوانێ ڕاستی بکاتەوە؟!

زۆربەی ڕووداوەکان لە فلکەو چوار ڕیانەکان و پێچەکاندا ڕوودەدەن، هەمووشیان بۆ بێ ئاگایی لە یاساکانی هاتووچۆ دەگەڕێنەوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە نووسینگەکانی فێرکردنی شۆفێری وەکو پێویست ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام نادەن و فێرخوازەکانی خۆیان بەباشی ڕاناهێنن و هێماکانیان پێ ناناسێنن و یاساکانیان فێر ناکەن. لەلایەکی دیکەشەوە لەکاتی پێدانی مۆڵەتی شۆفێری ڕێوشوێنی پێویست هەڵناگیرێتەوە، هەندێک پێیانوایە کە پارەو بەرتیل ڕۆڵی سەرەکیان لە وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێریدا هەیە، بەڵام من ناتوانم کەسێک بەوە تۆمەتبار بکەم، چونکە نەمتوانی بەڵگەی پێویست بەدەست بهێنم، هەرچەندە هەندێک لەوانەی کە تازە مۆڵەتی شۆفێرییان وەرگرتووە، پێیانگوتم لەهەندێ شوێندا بەپارە ئاسانکاریان بۆ کراوە، کاتێک داوای بەڵگەم لێکردم، ئامادە نەبوون بیدرکێنن. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە زۆربەی هەرە زۆری شۆفێرەکانی کوردستان ئاگایان لە یاساکانی هاتوچۆ نیەو وەکو پێویست هێماکان ناناسن. ئەم نەناسین و نەزانینشە وایان لێدەکات لە بێباکانە لەسەرسووچەکاندا ڕابوەستن و قەڵەباڵغی دروست بکەن، یان لە نێوەڕاستی شەقامەکاندا بۆ سەخستن و دابەزاندنی نەفەر ڕابوەستن. لە شوێنێک کە هێمای قەدەغەبوونی وەستان و پارکەرینگ کردنی ئۆتۆمۆبێل هەڵواسرابوو، بە شۆفێرێکی تاسکیم گوت: 'بوەستە!' ئەو برایە بێ سێ و دوو ڕاوەستا، کاتێک پێم گوت: 'ئەی ئەمە هێمای قەدەغەبوونی ڕاوەستان و ڕاگرتن نیە؟'، ئەو پێکەنی و گوتی: 'وەڵا ئەمن سەرم لەو پارچە تەنەکانە دەرناچێ!!'

هەر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی تامپۆن و ڕووداوی ڕێگەوبان لەگەڵ تاکسییێک سواربووم، ئەو بۆ ئەوەی ڕێگەکەی نزیکتر بکاتەوە، بێ باکانە پێچی کردەوەو ڕۆنگ ساید لێی خوڕی، لێمپرسی: 'ئەدی ئەمە قەدەغە نیە؟!' کاکی شۆفێر بە زەردەخەنەیەکەوە ئاوڕی لێدامەوەو گوتی: 'کێ بەکێیە؟ من دەبێ حیسابی بەنزین بکەم! دەنا بۆم دەرناهێنێ، ڕۆژانە ئەگەر ١٠ جاری ئەوسا مخالیف نەڕۆم هەر دڵم داناکەوێ!' کاتێک لێمپرسی: 'ئایا خولی ڕاهێنان و فێربوونی شۆفێری بینیوە، بە گاڵتەوە وەڵامی دامەوەو گوتی: ' دەڵێی خەڵکی ئەم وڵاتە نیت؟! مەگەر نازانی بە پارە هەموو شتێک مەیسەر دەبێ، ٤ وەرەقەی خۆت بدەو مۆڵەتی شۆفێری لەباخەڵ بنێ' من داوام لێکرد کە بە ٥ گەڵا بۆ منیش دەربکات، ئەو خۆی لێ بردە دەرێ و گوتی: 'سەرم نایێشێ و پەڕۆکی لێ نابەستم، بۆ خۆی بگەڕێ و دەیاندۆزتەوە'

هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا مەرجێک بۆ ئەوانەی داوای مۆڵەتی شۆفێری دەکەن، داندراوە، لانی کەم دەبێ ١٢ۆ کاتژمێر وانە بخوێنن و مەشق بکەن. هەندێکی دیکە پێیانوایە کە ناسینی هێماکان و شارەزابوون لە ڕێنوێنی و یاساکان مەرجی کەمکردنەوەی تامپۆن و کارەساتەکانی ڕێگەوبانە. بۆ نموونە لە هەندێک وڵاتی ئەوڕوپادا ئەگەر شۆفێرێک لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێریدا سەرپێچی بکات، مۆڵەتەکەی وەردەگیرێتەوەو ڕێگەشی پێنادرێ تا دوو ساڵی دیکە داوای مۆڵەتی شۆفێری بکاتەوە. ئەوانەی لە گڵۆپی سووریش بدەن یەکسەر مۆڵەتی شۆفێریان لێ وەردەگیرێتەوە، ئەگەر شۆفێری دێرینیش بن. ئەوەی بە سەرخۆشی ئۆتۆمۆبێل لێبخوڕێ، بۆ ماوەی شەش مانگ مۆڵەتەکەی دەستی بەسەر دادەگیرێ و سزای پارەش دەدرێ، بەڵام ئایا ئەوانە لە وڵاتی ئێمەدا هەن؟!

ڕاستە ئێستا سزای توند بۆ ئەو کەسانە دیاری کراوە کە ئەگەر بێ مۆڵەتی شۆفێری ماشین لێبخوڕن، بەڵام ئایا تا ئێستا چەند کەس لەسەر ئەوە سزا دراون و زیندانی کراون؟! بێگومان ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئەگەر هاوهەنگی تەواو لەنێوان ڕۆژنامەوانان و دادگەکان و بەندیخانەکاندا نەبێ. با بزانین لە داهاتوودا دەکرێ بە سەرکەوتووی بە دواداچون بۆ ئەم کێشەیە بکەین؟!

**شێرزاد عەلی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com